
# فوئاد عەلی



لێگەڕێ با بە دڵی خۆی بدوێ
رازەکانی بۆیە مەکە.
ئەوەندەی حەز بکات
لەگەڵ چاوەکانت عیشق بازی دەکات.
لێیگەڕێ بزانە چیرۆکی خۆشەویستی خۆی
بە فلچەی دەستت بۆ کێ دەبات.
پەلەی چیتە ،تازە لەژێر دەستت راناکات
قژەکانی رەنگا و رەنگ مەکە
با دۆستەکەی وونی نەکات.
زانیت بۆ ئەوەندە رەنگی زەرد هەڵگەڕاوە.
لە دڵدارەکەی زیاتر ،
کەسی تر لەشی نەبینیووە.
داوای لێ مەکە پۆرترێتی بکێشی .
قژی سپی و تۆزێک رەشی تێدا ماوە
چاوەکانی ئەوەندە جوانە،
دەڵێی گلۆپی
شەوانەی کۆڵانە تاریکەکانی
سەیداوە و تەیراوە و گەڕەکی خانەقایە،
نا لەبیرم چوو کۆڵانەکانی قەڵایە.
ئای دەستەکانی چەند بە لۆچە ،
ماندوویێتی پێوە دیارە ،
دەڵێی دەستی تەحسینی رەحمەتی مەچکۆ یە .
بەیانیان و ئێواران،
بەبێ ناز و فیز چایەکانی دەبەخشیەوە ،
یەکە یەکەش میوانەکانی بەڕێ دەکرد .
نەیدەزانی دڵشکاندن چی یە.
سەیری قاچەکانی بکە ،
توخوا لەبەر دڵی من،
رەنگی رەشی پێدا مەکە.
ئەوەندە بەبێ کەوش و بەپێ خواسی
شەقامەکانی شاری دەپێوا ،
رەنگی قیر و خۆڵ و قوڕی گرتبوو ،
هەر بەبێ نەعلیش دەگەڕا.
فواد گیان ئەوە چی دەکەی،



Roĵ

دوو مەمکی قیتی بۆ دەکەی.
ئەوانەی ئەو هەروەکو پەنیری کوردی لای خۆمان بوون .
ئەوەندە توند ، ئەوەندە شل ، ئەوەندە قیت ، ئەوەندە شۆڕ
دەبێ جیاواز بێت
ئەوانەی ئەو تەنها دەیخستە بەردەستی ئەڤینەکەی .
ئەوانەی ئەو تەنها یەک دەم بۆی دەمژی ،
تەنها دوو دەست یاری پێدەکردن .
نەکەی هێندە گەورەی بکەی .
گیانە فوئاد لەبیر نەکەی
گەردەنی ئەوەندە درێژ بکەی ،
شوێنی دەمی خۆشەویستەکەی نیشان بکەی .
گیانە فواد کەی دەبینە،
خاوەنی پەیکەری سەربازی وون،
لەشارەکەی قەڵا و منارە
شاری هەولێر
کە مێژووەکەی زۆر ناودارە .

فــەهــد گـــردەوانــی 2006/12/18ستۆکهۆڵم